# بەهجەت یەحیا، سۆفییەك لە لووتكەی عیشقدا

نووسینی: شەنكار عەبدواڵ

٦/٧/٢٠١٢

کەم کەس هەیە لە کوردستان ئاشنای دەنگە پڕسۆزەکەی بەهجەت یەحیا نەبێت، موتەئسیر نەبوبێت پێی، ئەو بەردەوام کەشکۆڵی عیشقی لەکۆڵە و بەردەوام خەریکی زیکری عیشقە.

هەرچەندە گەنجیی بەهجەت لە ناخۆشترین ساتەکانی سەدەی بیستەمدا بووە بۆ کورد، بەڵام ئەم هەمووە ناخۆشییە نەك هەر ساردی نەکردووەتەوە، بەڵکوو زیاتر سووری کردووە لەسەر ئەوەی دەست بە هونەری گۆرانییەوە بگرێت و هونەرێکی باڵش بخولقێنێ.

لەم سەردەمەدا، کە بە قەولی بەکر عەلی شاعیر، سەردەمی قەحبە و دۆلارە، مرۆڤەکان زیاتر ڕوویان کردووەتە دنیاپەرستی و سەرمایە بووەتە هەموو شتێکی مرۆڤ، کەچی بەهجەت دێت و زیاتر و زیاتر باوەش بە عیشقدا دەکات و پێمان دەڵێت لەناو هەموو ناشیرینییەکانی دنیا، هێشتا دەرفەت ماوە بۆ جوانییەکان، بەڵام بێگومان دۆزینەوەیان کەمێك قورسە!

ئاخر عیشق لە سەردەمێکدا چۆن دەتوانێ پەرە بە خۆی بدات، کە هەموو مرۆڤەکان بوونەتە ڕۆبۆت، کەس ئامادەی قوربانیدان نییە بۆ ئەوی تر، بەڵکوو ئەوەی هەیە، هەموو شتەکان لەسەر بەرژەوەندیی مرۆڤەکان دابەش بوون، بوارێك نەماوە بۆ بیرکردنەوە لە فەنابوون، ئەوەی هەیە کە بەهجەت یەحیا زیاتر هەڵپەکردنە بۆ ژیان، هەرکات ژیان گەشتە ئەم ئاستە و دنیا بوو بە دنیای مادییەت، ئیتر

پێویست بە بیرکردنەوە ناکات و شتە ڕۆحییەکان بەردەوام لە پاشەکشەدا دەبن، بەڵام ئەوە بەهجەتە بەوپەڕی گەرموگوڕییەوە، بێ ئەوەی گوێ بە هەوا و ئارەزووە لەزەتپەزیرەکانی مرۆڤە سادەکان بدات، توندتر باوەش بە عیشقدا دەکات و دەیەوێت عاشقتر ببێت، چونکە عیشق مرۆڤ جوانتر و میهرەبانتر دەکات، وای لێ دەکات دنیا جوانتر ببینێت و بۆچوونەکان لەمەڕ هەموو شتە مادییەکان ڕوونتر بخاتە ڕوو.

بەهجەت لە هەشتاکانەوە دەست بە گۆرانیوتن دەکات و ئەو گۆرانییەش کە بەهجەت وەك الوێکی خوێنگەرم و دەنگخۆش دەناسێنێت، گۆرانیی سۆزی شەوێك، کە ئاواز و هۆنراوەکەشی هیی خۆیەتی، زۆربەمان بە گۆرانیی بەس تەنها ئەمشەو تۆ میوانمــبە دەیناسینەوە، لێرەوە بەهجەت بە ستایلی خۆیەوە دێتە مەیدانەوە و بەردەوامیی پێ دەدات.

بەهجەتیش، وەك زۆرێك لە هونەرمەندان، لەبەر زەحمەتی و قورسیی ژیان ڕووی کردووەتە هەندەران، بەڵام هەندەران بۆ ئەو هیچکات وای لێ نەکردووە پشت لە واڵت و هونەرە باڵکەی بکات، لەو دەوڵەتانەش کە تەوژمی گلۆبالیزم بەفراوانی بەناویا هاتوچۆ دەکات، کاریگەریی لەسەر هەموو شتەکان دادەنێت، کەچی بەهجەت باشتر پارێزگاری لە هونەرەکەی دەکات و نایەوێت لەگەڵ ئەو تەوژمەدا بڕوات، کە هیچکەس ناتوانێت گرەنتی ئەوە بکات بەهجەت و هونەرەکەی بەرەو کوێ

دەبات، بۆیە ئەو، ئەو دەمەش لە هەندەرانە و غوربەت دەوربەری تەنیوە، کەچی بۆ چرکەیەکیش لە نیشتمان دانابڕێت.

گۆرانییەکانی خەڵکی دەڵێن بۆچی هێندە گۆرانی بۆ عیشق دەڵێی، بومە سفی خەڵوەتی، بەدوای عیشق کەمن وا ویڵی شارانم، فەنابون و من کوڕی ڕۆهەاڵتم و... هتد. هەوادارانی بە تاسەوە چاوەڕێی ئەلبوومی نوێی بەهجەت یەحیا دەکەن، بۆ ئەوەی ڕۆحیان ڕابژەنێتەوە، چونکە الی هەمووان ئاشکرایە، گۆرانییەکانی بەهجەت ڕاستەوخۆ تەماس لەگەڵ ڕۆحدا دەکات بەدوای عەشقا و چێژی ڕۆحیمان پێ دەبەخشێت، بێگومان چێژی ڕۆحیش زۆر جیاوازە لە چێژی جەستە. هەرچەندە لە مێژوو و ئەزمونی هونەری بەهجەتدا گۆرانیی نیشتمانیشی تێدایە، بەاڵم ئەوەی زیاتر بەهجەتی جوان کردووە، گۆرانییە عاشقانەکانیەتی.

کاتێ هونەرمەندێ بەم شێوەیە بیر بکاتەوە، بۆ ئەو ئاسانە بزانێت چۆن ئاراستەی هونەر دەکات و چۆن لە تەوژمە کاتییەکان خۆی دەپارێزێت، چونکە ئەو باش لەوە تێگەشتووە، هەندێ لەو تەوژمە هونەرییانە تەنها بەرگەی وەرزێك بۆ دوو وەرز دەگرن و دواتر لە شوێنی خۆیاندا و بەبێ ئەوەی کەس پیالنی بۆی هەبێت، خۆی لەناو دەچێت. کەچی بەرهەمەکانی بەهجەت ڕۆژبەڕۆژ نەمرتر دەبێت، گەشە دەکەن، ئەمەش بێهۆ نییە، ئەمە ئەوپەڕی ڕۆشنبیریی هونەرمەند دەر دەخات، کە چۆن دەیەوێت خزمەتی هونەرەکەی و هەوادارانی بکات، هەتا بەهجەت بەم شێوەیە بەردەوام بێت، هەوادارانی زۆرتر و زۆرتر دەبێت.

بەهجەت خۆشی دەڵێت، "گوێ بەوە نادەم بە چەند ساڵ جارێ بەرهەمێ پێشکەش دەکەم، بەاڵم بەالمەوە گرنگە، چ بەرهەمێك پێشکەش دەکەم." کاتێ هونەرمەند بەم ڕوئیا ڕۆشنەوە کار بۆ هونەرەکەی دەکات، سۆفیئاسایانە گوێ بە قورسی و هەوەسەکانی نادات، ئەوەی بۆ ئەو گرنگە، تەنها عیشقە، بۆیە دەتوانم بێدو دڵی پێی بڵێم، ئەو سۆفییەکەو لە لووتکەی عیشقدایە.